**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES - IFIR**

---

# پەیام بۆ هاورێ فاتح
# بەبۆنەی بەرپاکردنی خۆپیشاندانی شکوداری پەنابەران لەسوید

بەناوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقیەوە، بەگەرمی پیرۆزبای لەئێوەو سەرجەم پەنابەر دەکەم کە توانیتان بەریزی یەکگرتوانەی پەنابەران وبە دەربرینی نارەزایەتی سێ رۆژە و داکۆکی کردن لەمافی نیشتەجێ بوون ومافی پەنابەریتی وەك مافێکی بێ ئەم لاو ئەولای پەنابەران، هاوکات بەهەلبرینی دروشمی (مافی پەنابەری بپاریزن ..مندالەکانمان بگەرینەوە سەر خۆیندن، بەهەق نیشانتاندا کەبەهەولۆ هیمەتی ئیوە رێچکەیەکی ئینسانی وبەرەیەکی راوەستانەوەی پەنابەری دژ بە سیاسەتی جیاکاری وراسیستی ودژی پەنابەری حکومەتی سویدی لەمەیداندایەو هەرئەمەش جیگای ئۆمیدیکی گەورەی هەزاران ئینسانی پەنابەرە کە بەهۆی باری ناهەموار و ناجیگیری و دریژەکیشانی جەنگ و بیدەرەتانی ولاتەکەیان رویان لەژیانی پەنابەری کردەوە تا پەنایەك بۆژیانی ئارامیان بدۆزنەوە.

خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ئێوە بەشێوەیەکی مەدەنیانە و رێکخستنی ریزەکانی پەنابەران بەدەوری خواستە ئینسانی یەکانتان وەلامی شیاوی ئێوە بوو بۆ بەرگرتن بەم هەنگاوەی حکومەتی سویدی بەرامبەر بە پەنابەرانی کورد.

ئەم هەنگاوەتان دەتوانێ سەرەتایەك بێت بۆ خەباتێکی فراوان و شارستانیانە تا بتوانیین تەواوی خواستەکانمان بەسەر دەولەتدا داسەپێنێن .

ئێوە لەم هەنگاوەتان توانیتان بە رای گشتی سویدی بگەیەنن کە پەنابەرانی کورد قوربانی چارەنووسێکی نادیارن ،خەلکی ئازادی خوازی سوید بخەنە پشت سەری خواستە بەرهەقەکانی پەنابەران ،رۆژنامەی سەرتاسەری وەك میترۆ تا مالپەرەکانی وکەنالەکانی راگەیاندن لەکوردستان دەنگی نارەزایەتی ویەکگرتوانەی پەنابەرانی نیشاندا ، توانیتان "نـــا" یەکی گەورە بدەن بە هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەویت هیرش بکەنە سەر مافە ئینسانی یەکانی پەنابەران ، راتان گەیاند پەنابەران مل نادەن بەگەرانەوە تەسلیم بوون بە بارۆدۆخێکی ناهەموار کە لەعیراقدا بەرێ خراوە.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەریزی پێشەوەی بەرگری لەخوستو داواکاری ئینسانی یەکانی ئێوە راوەستاوە بەشێوازی جۆراجۆری خەباتی خۆی دریژە پێدەدات بۆ فشار خستنە سەر دەولەتی سویدی لەپێناو دەستهەلگرتن لەم سیاسەتەدژی ئینسانی یە بەرامبەر پەنابەرانی کورد و پۆچەلکردنەوەی سیاسەتی دژی پەنابەری ،پتەوکردنی ریزەکانی مەرجی سەرکەوتن و داهاتوویەکی ئینسانی بۆ پەنابەران مسوگەر دەکات. بیگومانیش ئیوە تەنها نین وریزیکی جیهانی لەئەحزاب و لایەن و ریکخراوەی ئیسان دۆست و ئازادی خواز لەپشت حەرەکەتی بەرهەقی ئیمە راوەستاوە.

جارێکی تر دەستی هەموو پەنابەران وئەو لایەن دەگوشین کە لەسەرکەوتنی ئەم هەنگاوەی ئێوەدا دەوریان گیرا.

سەرکەوێ خەباتی یەکگرتوانەی پەنابەران.

**دەشتی جەمال**

**بەرپرسی فیدراسیۆن**

2007-6-10

---

POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 ,
00447895636633
ifir2007@yahoo.com www.csdiraq.com